# تەوەری رەخنە

بەشدارینەکردنی رەخنە لە پرۆسەی ئەدەبیدا کاریگەریی نێگەتیفی لەسەر رەوتی گەشەکردنی ئەدەبیمان داناوە.. بەو مانایەی لەغیابی رەخنەی جیدییدا تێکستی ئەدەبیی جوانو کرچو کاڵ لە تەرازووی یەك ئاستدا پێوانە دەکرێنو دەخرێنە بەر تیشکی خوێندنەوەوە.. بەدەر لەو بابەتو نووسینە سازشکارانەی کە لەرابردوو و ئێستادا کراون، ئایا ئێمە ژانرێکمان هەیە بەناوی رەخنەوە؟ ئەگەر هەمانە کامانەنو لە چ ئاستێکدان؟ یاخود ئەگەر ئێمە خاوەنی ژانرێکین بەناوی رەخنەی ئەدەبییەوە، تا چەند توانراوە لەلایەن رەخنەگرانەوە ئاوڕ لە دەقە نەمرەکان بدرێتەوەو جیاکارییەك لەنێوان دەقی باشو خراپدا بکرێت؟

گۆڤاری ئاینده ئەم پرسیارانە لە دووتوێی تەوەرێکدا رووبەرووی هەریەك لە بەرێزان:

(رەفیق سابیر، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ئارام کاکەی فەلاح، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، محەمەد کوردۆ) دەکاتەوە.

**ئا: ئیدریس عەلی**



## د. رەفیق سابیر:

***قەیرانی رەخنەی ئەدەبی تەنیا قەیرانی داهێنانو نەبوونی مێتۆدو تیئۆریی رەخنەیی نییە، بەڵکو قەیرانی ئێتیكو ئەخلاقی رەخنەگرانەیشە...**

رەخنەی ئەدەبی لای ئێمە، لە چاو ژانری تری ئەدەبیدا، زۆر درەنگ دەرکەوتووە. نزیکەی چوارسەد ساڵ شیعری کوردی، لەنێو ئەڵقەی خوێندەوارانی حوجرە و ناوەندە ئاینییەکان و لە سایەی میرنشینەکاندا، دوور لە رەخنەی ئەدەبی و پرینسیپەکانی، شێواز و نەریت و رێسا و زمانی تایبەتیی خۆی دادەهێنا. ئایا ئەم دیاردەیە لەبەر ئەوە بووە کە ئەو کاتە زمانی کوردی تەنیا زمانی شیعر بووە و رووناکبیران تەنیا شیعریان بە کوردی نووسیوە؟ یان لەبەر ئەوە بووە شیعری کوردی پێویستییەکی ئەوتۆی بە رەخنەی ئەدەبی نەبووە، چونکو لە لایەکەوە شیعر ئەو کاتە کاری ئێلیت (نوخبە)یەکی دەگمەنی خوێندەواران و رووناکبیرانی ئەو سەردەمە بوو؟ لەبەر دەگمەنیی خوێندەوار و نەبوونی چاپخانە، هەر ئەو ئێلیتە خۆی و (هەندێک

جار ئەڵقەی تەسکی خوێنەرانی دەوروبەری) خوێنەری سەرەکی، یان تاکە خوێنەری، شیعر بوون. لەبەر ئەوەی ئەم ئێلیتە رووناکبیری گەورەی سەردەمی خۆیان بوون و بە باشی ئاشنای زمانانی و فارسی و عەرەبی و دواتر تورکی و نەریتەکانی شیعری ئەو گەلانە بوون، بە لای زۆرەوە هەر خۆشیان رەخنەگری شیعری خۆیان و شیعری یەکتری بوون. دوای دەرکەوتنی چاپەمەنی و رۆژنامە و گۆڤاری رووناکبیری لە کوردستاندا، لە ماوەی نێوانی هەردوو شەڕی دووەمی جیهانیدا، شیعری کوردی لەو ئەڵقە تەنگە دەرهات و بەرەو بە "جەماوەریبوون" چوو. بە هۆی ئەم دیاردەیە و کارتێکردنی ئەدەبی گەلانی دراوسێ (بە تایبەتی ئەدەبی عەرەبی) رەخنەی ئەدەبی (یان دروستتر بڵێم رەخنەی شیعری) لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت. سەرەتا لە گۆڤارەکاندا، بەتایبەتی گۆڤاری گەلاوێژ، دواتریش لە شێوەی دوو کارە پێشینگەکەی مامۆستایان رەفیق حیلمی و عەلادین سەجادیدا.

بەڵام رەخنەی ئەدەبی لای ئێمە تەنیا دیاردەیەکی تازە و ساوا نییە، بەڵکو هێشتا ئاوێتەی پرینسیپی تیئۆری و نەریتی ئەکادیمی نەبووە و چوارچێوەیەکی زانستیی وەرنەگرتووە، تیئۆری و مێتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی، نەکراونەتە بنەما و مەرجی کاری رەخنەیی، بۆیە بە بۆچوونی من، رەخنەی ئەدەبی، چ وەک داهێنان، یان وەک کارێکی زانستی، هێشتا نەچەسپیوە و بەلای زۆریشەوە هێشتا لە ئاستی نەبووندایە. ئەگەر ئەم جۆرە رەخنەیە، وەک ژانرێکی ئەدەبیی تایبەت، هەبێت و شانبەشانی ژانرەکانی دیکە رێگە ببڕێت، دەبێت بپرسین کامەیە تایبەتمەندی و پرینسیپ و رێسا و دیسپلینەکانی؟ کام جۆرە مێتۆد لە لای ئێمە زیاتر بەکارهاتووە؟ یان کامیان لەوانی دی زیاتر توانای لێکدانەوەو شیکردنەوەی دیاردە شیعری و ئەدەبییەکانی بووە و هەیە؟ کامیان کاری رەخنەیی گرنگتری پێکراوە؟ دواجار کوان ئەو کارە گرنگ و خوێندنەوە جیدییانەی بەم یان ئەو مێتۆدی رەخنەیی هاوچەرخ، لە بارەی شیعری کلاسیک یان مۆدێرنی کوردی و ئەدەبی کوردییەوە، ئەنجام دراون. دیارە ئەم بۆچوونە مانای ئەوە نییە کە ئێمە لە ئاستی تاکەکەسدا، هەندێک کاری رەخنەیی جیدیمان نییە. بەڵام بەداخەوە ئەم جۆرە کارانە، وەک زۆربەی کارە جیدییەکانی بواری داهێنان کەمن و لەنێو لێشاوی رەخنەی بێ سەروبەر و تەپوتۆزی ئاژاوە و گەڕەلاوژێی ژیانی رووناکبیریماندا، بەرچاو و کاریگەر نین. لە ئەدەبی کوردیدا، دوو شێوە نووسینی رەخنەیی زاڵن. یەکەمیان هەندێک هەوڵی رەخنەگرانەیە کە نووسەرەکەی دەیەوێت، بەپێی مێتۆدیکی دیاریکراوی رەخنەی ئەدەبی، بەو جۆرەی کە خۆی تێیگەیشتووە، تێکستی ئەدەبی بخوێنێتەوە.. بەڵام ئەو مێتۆدە رەخنەییانە، کە لە بنەڕەتدا لە ئەورووپا دەرکەوتوون و لە رێگەی زمانی عەرەبی و بە عەرەبیکردنەوە هاتوونەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، زۆر جار شێوێندراون و بەشێکی گرانی ناوەرۆک و بنەما و پرینسیپە زانستییەکانی خۆیان لەدەست داوە. لەهەمانکاتدا هەندیک لەو رەخنەگرانە بە باشی زمانی عەرەبی نازانن و هەندێک زاراوەی رەخنەیی لە زمانی عەرەبییەوە بە هەڵە تێدەگەن و وەردەگێڕن، بۆیە رەخنەگرەکە ناتوانێت بە باشی لە مێتۆدەکە بگات و کارێکی گرنگ و داهێنەرانەی پێ ئەنجام بدات. لە جیاتیان هەندێک جار رەخنەکە بە جۆرێکە کە مرۆڤ نازانێت رەخنەگر چی دەڵێت و دەیەوێت بە چ ئەنجامێکی رەخنەگرانە بگات. سەرەنجام رەخنەگر لەجیاتی ئەوەی وەک ئێلیۆت دەڵێت (کاری ئەدەبی گەشە پێ بدات و چێژی هونەری بەرەو سەر بەرێت) یان یارمەتیمان بدات تا باشتر لە تێکستێک و لایەنە شاردراوەکانی بگەین و دەرک بە بەها و جوانییەکەی بکەین، رووبەرووی هەندێک قسەی لەبەرکراوی کتێب و حوکمی رەخنەیی پێشوەختمان دەکاتەوە. لایەنی زەق، لە هەندێک لەم جۆرە نووسینانەدا، ئەوەیە کە تێکستەکە خۆی لەبیر دەکرێت و کۆمەڵێک زانیاریی لەبەرکراوی کتێب و پێشاندانی زانیاریی تیئۆریی ناتەواو و تەماوی دەبێتە بابەتی سەرەکیی نووسینەکە، هەندێک جاری تریش

ڕەخنەگر دەیەوێت ستایشێکی ڕیاکارانە و بێزەوقانەی برادەکەی، هاوشارەکەی، هاوسێکتە و هاوبیرەکەی بکات بۆ ئەوەی مێتۆد و هونەر و زمانی ئەم ستایشکردنە بزانێت، یان ئەو تێکستەی، کە ڕەخنەگر لەبارەیەوە نووسیویەتی شایەنی ئەو ماندووبوون و ستایشە بێت.

جۆری دووەمیان زیاتر سەرنج و تێڕوانین و خوێندنەوەی تایبەتی نووسەرێکە لەبارەی بەرهەمی نووسەرێکی دی. دیارە من نامەوێت لە بایەخی ئەم جۆرە نووسینانە کەم بکەمەوە، چونکو هەر مرۆڤێک، چ جای نووسەرێک، یان شاعیرێک، دەشێت کۆمەڵێک سەرنج و تێبینیی گرنگی خۆی لەبارەی هەر کارێکی ئەدەبییەوە هەبێت و بڵاویان بکاتەوە. ئەم جۆرە نووسینانە، ئەگەر بە جۆرێکی ئۆبجێکتیڤانە نووسرابن، بایەخی خۆیان هەیە چونکو ئەزموونی ئەدەبی و شێوازی نووسین و ئاستی ڕووناکبیریانەی نووسەرەکەی پێشان دەدەن، بەڵام ئایا دەکرێت ئەم جۆرە نووسینانە بخرێنە خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە؟

وتم ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی داهێنەرانە و زانستییە. ڕاستییەکەی ڕەخنەی ئەدەبی، لەپاڵ ئەوانەدا، کارێکی ئەخلاقیشە و ئێتیکی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر ئەم سروشتە ئەخلاقەیش لە ڕەخنەگر دەخوازێت، کە لە کاری ڕەخنەییدا، ئۆبجێکتیڤ بێت و بە جۆرێکی ئۆبجێکتیڤانە سەرنجی دەنگ و دیاردە ئەدەبییە گرنگ و نوێیەکان بدات و ڕووناکییان بخاتە سەر. لەم کارەیشیدا تەنیا لایەنی داهێنان و جوانی و ڕاستی بگرێت و لەبەردەم خوێنەراندا هەست بە بەرپرسیاری بکات.

بەڕای من ڕەخنەی ئەدەبی، لای ئێمە، "دیارە ئەگەر هەبێت" لاوازترین ژانری ئەدەبی کوردییە. لەجیاتی ئەوەی برەو بە داهێنان بدات و هۆشیاری و ئاستی جوانناسیی ئێمە بەرز و بەرزتر بکاتەوە، خۆی بۆتە بەشێک لەو گرفت و بێزەوقی و ئاژاوەیەی لە ژیانی ڕووناکبیریماندا هەیە. قەیرانی ڕەخنەی ئەدەبی تەنیا قەیرانی داهێنان نییە، تەنیا قەیرانی نەبوونی مێتۆد و تیئۆریی ڕەخنەیی مۆدێرن و پرینسیپ و دیسپلینی زانستی نییە، بەڵکو ڕەنگە پێش ئەمانە قەیرانی ئێتیک و ئەخلاقی ڕەخنەگرانە بێت، ئەمەیش لەو ڕەخنە کاریکاتێرییانەدا دەردەکەون کە لە بارەی تیکستێکی ئەم یان ئەو شاعیر و نووسەر (کە یان برادەری ڕەخنەگرن، یان سەر بە سێکتە و شار و حیزب و خێڵە ڕۆشنبیرییەکەی ئەون) دەنووسرێن. هەڵنانی زیادەڕەوانەی هەندێک کەس یان هەندێک دەنگ و نووسەر، بێدەنگبوون لە بەرامبەر هەندێک دەنگ و نووسەری دی هەم لەگەڵ ئێتیک و ئەخلاق و پرینسیپی ڕەخنەی ئەدەبیدا نایەوە، هەم بەو مەبەستەیە، کە بە زەبری تێڵای ڕەخنە و نووسینی هەرزەکارانەی دوور لە بنەمای ئێپستیمی و پرینسیپی ڕەخنەی ئەدەبی، یەک جۆرە دەنگ و ڕەنگ و ستایلی شیعری و ئەدەبی بەسەر ژیانی ڕووناکبیریدا بسەپێنرێت، ئەمەیش جۆرێکە لە فاشیزمی ئەدەبی و ڕەخنەیی و ڕەنگدانەوەی ئەو عەقڵییەتە تاکپەرست و زەبرئامێزەیە کە کولتووری بەعس و عەرەبیزم لە کۆمەڵی ئێمەدا چاندوویەتی: باشترین و تاکە حیزب، سەرکردە، سەرۆک خێڵ، شاعیر، هونەرمەند خوا و پێغەمبەر، تەنیا حیزب و سەرکردە و شاعیر و هونەرمەند و خواو پێغەمبەری منە و ئەوانی تر بایەخیان نییەو نەبوونیان لە بوونیان باشترە!.. بەڵام ئایا کۆمەڵ و کولتوور و ئەدەبێک هەیە کە بەبێ دیاردەی فرەدەنگی و فرەڕەنگی و فرەستایل و شێواز و ئەدەبی و فرە فیکری و...تاد بە زیندوویی بمێنێتەوە؟.

ڕەخنەی ئەدەبی لای ئێمە بۆتە بەشێک لە ڕاگەیاندن و تێکەڵی گەمەکانی ئەو بووە. زۆر جار هاوشانی پەیام و ئامانجی ڕاگەیاندنی حیزبی و ڕاگەیاندنی ئەهلی، کە لەم بوارەدا، دوو ڕووی یەک دراون، هەنگاو دەنێت. لە دۆخێکی ئاوادا ڕۆژنامەنووسان دەبنە ڕەخنەگری ئەدەبی، ڕەخنەگرانیش دەبنە ڕۆژنامەنووس!

لە کۆتاییدا دەڵێم گرفتی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی گرفتێکی جیدییە و زۆر بە ئاشکرا بە ژیانی ئەدەبی و

فیکریمانەوە دیارە. بەشیکی ئەم گرفتە رەنگدانەوەی ئەو قەیرانە هەمە هەمەلایەنە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەیە کە کۆمەڵی کوردستانی گۆڕیوە بە کۆمەڵیکی نەخۆش. بەشێکی تری گرفتەکەیش پەیوەندیی بە پرینسیپەکانی رەخنەی ئەدەبییەوە هەیە، کە لێرەدا ئاماژە بۆ سێ گرفتیان دەکەم، کە بەلای منەوە، سەرەکیترینیان: گرفتی ئاستی رووناکبیری و شارەزایی رەخنەگر لە بارەی ئەدەبی جیهانی، گرفتی مێتۆد و تیئۆریی رەخنەی ئەدەبی، گرفتی ویژدان و پرینسیپی ئەخلاقی لای رەخنەگران.

## عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:

***بە زانیارییەکی تەنکەوە پەلاماری ئەزموونە گەورەکان ئەدەین!...**



دیارە ئێمە زۆر باسی رەخنەی کوردیمان کردووە لە چاوپێکەوتندا بێت یاخود لە وتارو لێکۆڵینەوە یا چاوپێکەوتنی رادیۆو تەلەفزیۆنا بێت... پێموایە زۆربەی زۆری پرسیارەکان لەم بوارەدا هەر باسی سلبیاتی رەخنەو نەبوونی رەخنەو لاوازیی رەخنەی کوردی بێت.

رەخنە بە مانا فراوانەکەی لای ئێمە مێژووی نییە یا لە چەند دەیەیەك تێناپەڕێ. لای یۆنان، لای عەرەب، بە سەدەها ساڵو بە هەزارەها مێژووی رەخنەی خۆیان دەپێون.. راستە ئەگەر وردبینەوە کاریگەریی روونو ئاشکرای رەخنەی یۆنانی بە رەخنەی عەرەبەوە دیارە.. جاحیز، حازم قرتاجنی، ئەبو هیلالی عەسکەری، جورجانی ئەمانە لە خۆیانەوە باسی رەخنەیان نەکردووە، بەڵکو سەرچاوەیەکی یۆنانییان هەیە. کەواتە ئەوانە دەمێکە رەخنە تێکەڵاوی ئەدەبو نووسینو ژیانیان بووە، بۆیە زەمینەیەکی رەخنەییان لا دروست بووە.

دروستبوونی زەمینەی رەخنەیی عەقڵ فراوانو گورج ئەکات و وا دەکات منو تۆ منو ئەو یەکتر قبوڵبکەین.


پێموایە تا ئێستا ئەم زەمینەیە بە باشی دروستنەبووە. دەبینین ئەم ئەدیبە یا ئەو نووسەرە تاچەند ئەچێتە سەنگەرەوە؟ چۆنچۆنی بە پێچوپەنا پەنا دەتباتە بەر تۆڵە.

*وایلێهاتووە بە زانیارییەکی تەنکەوە پەلاماری ئەزموونە گەورەکانیش ئەدەین. ئەزموونی گەورەو قووڵ زانیاریو رۆشنبیریی رەخنەیی قووڵو تەکنیکزانی چاکی ئەوێ.

* بەلای منەوە لەپاڵ دروستنەبوونی زەمینەکەدا بێئاگاییمان لە مێژووی رەخنەو پەرەسەندنیو دوورکەوتنەوەمان لە موتابەعەی بەردەوامو بێئاگاییمان لە کەرەستەو تەکنیکی ژانرە ئەدەبییەکان دەوری خراپ ئەبینێ، واتە رۆمان ئەو مێژوو و تەکنیکە فراوانەی هەیە، بەڵام دێین لەسەر رۆمان ئەنووسین بێ ئەوەی ئاگامان لەو تەکنیکە فراوانە بێت.. وەرە بزانە ئەمە چیی لێ دەرئەچێ؟.

## ئارام کاکەی فەلاح:

***ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەی گروپە، ڕەخنەی ڕێککەوتنە لەسەر تێکستەکان!..**



بۆ خوێندنەوەی ئێستای باری ڕەخنەی کوردی پێوستمان بە چەمکێک هەیە کە لە سەدەی نۆزدەدا بەکارهاتووە، کەم تا زۆر دوای دووسەد ساڵ بێ دوودڵی بەکارهێنانی ڕەوایە، ئەویش ڕەخنەی پریڤات یان ڕەخنەی (تایبەتی)یە. ڕەخنەگری فەرەنسی (سانت بێڤ 1804_ 1869) کە بڕوای وا بوو مادام مرۆڤ ئەدەب دەنووسێ، ئەوا بە هیچ شێوەیەک ناکرێ ئەم نووسراوانە لەو بوونەوەرەی کە ناوی مرۆڤە جیابکەینەوە. ئەو باوەڕی وابوو کە هەچ تێکستێکی بۆ خوێندنەوە بدەیتێ ناتوانێ چێژ و خۆشیی لێ وەربگرێ و ناکرێ قسەی لەسەر بکات تا نەزانێ نووسەرەکەی کێیە؟ ئەمە دوای دووسەد ساڵ پڕاوپڕ بۆ باری ئێستای ڕەخنەی کوردیمان دەگونجێ. ئەو خولیای ناسین و تایبەتییە ڕەخنەی ئێمەی کوشتووە، چونکە کولتووری ئێمە کولتووری گروپە (کولتووری کۆ)یە، کەس بە ناوی تایبەتیی خۆیەوە قسە ناکات، کە قسەش دەکات بە تەنیا نایکات، ئەوا ئەمجۆرە سەیرکردنە بێئاگا چۆتە ناو ڕەخنەوە. ئەمجۆرە سەیرکردنە نایەڵێ تێکست بە تەنیا وەک تێکست ببینرێ، بەڵکو تێکست وەک سێبەرێک لە دوای نووسەرەکەوە دەبینرێ، لەم شێوازی ڕەخنەیەدا ئەوەی یەکەمجار دەبینرێ بکەرەکەیە ئینجا سێبەرەکەی، نووسەرەکەیە ئینجا دەقەکەی، بۆیە ئەم کولتوورە زیاتر باسی نووسەر و پەیوەندییەکانی بە ژیانەوە دەکات وەک باسکردنی تێکستی نووسەرێک و پەیوەنییەکانی بە مرۆڤ و جوانی و گەردوونەوە. ئەوەی لێرەدا زیانی لێ دەکەوێ تێکستەکەیە، ئینجا خوێنەران و ئینجا نووسەرەکە. ئەم شێوازی ڕەخنەی (پریڤات)ە کە دووسەد ساڵ پێش ئێستا لە ئێستای باری ڕەخنەمان زۆر لە پێشتر بووە. ئەوان بڕوایان وابوو کە بۆ ناسینی نووسەرێک دەبێ ڕەخنەگر بێت و لە هەندێ بابەتی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسیدا قووڵبێتەوەو بە هەندێ ئەنجام بێتە دەرەوە بۆ ئاسانکردنی لایەنە قووڵەکانی نووسەر کە لەناو تێکستەکەدا بە ئاسانی نادۆزرێتەوە، بەڵام لای ئێمە ئەم قووڵبوونەوەیە بە شتە تایبەتییەکانی نووسەرەوە دەبەسترێتەوە، لەم بارەدا لای ئێمە گرنگە بزانی ئەم نووسەرە سەر بە چ لایەنێکی حیزبییە و لە کوێ فەرمانبەرە و کێ پارەی مانگانەی دەداتێ، لایەنێکی تریش هەر لەناو ئەو کولتوورە (کۆ)یەی کە باسم کرد دەرناچێ، ئەویش ئەوەیە کە ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەی گروپە، ڕەخنەی ڕێککەوتنە لەسەر تێکستەکان، ئەم ڕێککەوتنەش لە دەرەوەی تێکستەکان ئیمزا دەکرێ نەک لەناو تێکستەکاندا. لێرەوە زەحمەتە شتێ هەبێ ناوی ڕاڤەکردن بێ. هەر لێرەشەوە وەڵامی ئەو پرسیارەمان چنگ دەکەوێ کە بۆچی قوتابخانە

ڕەخنەییەکان نەهاتوونەتە ناو ڕەخنەی کوردییـەوە و کەم تا زۆر بەکار نەهاتوون؟. لەلایەکی تـرەوە بـاری سیاسـیی ئێمـە کـە بـارێکی نـاجێگیر و ئـاڵۆزە و وا کۆنترۆڵی هەموو بارەکانی تری کردووە، کـە وای لـە مرۆڤـی ئێمـە کـردووە ئـەو تێکـستانە نـەبینـێ، بیشیبینێ بە قووڵی نەیخوێنێتـەوەو ڕاڤـەی نـەکات. ئـەم بـارە وای لـە هـەندێ کـەس کردووە کە زیـاتر ڕەخنـەی سیاسـی بنووسـن، کـە بـە جۆرێـک لـە جۆرەکان لە نووسینی ڕەخنـەی ئـەدەبی ئاسانترە، لەلای ترەوە غیابی ڕەخنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕەخنەگرێکمان نییە کە تەنیا و تەنیا ڕەخنـەی ئـەدەبی بنووسـێ و تایبـەتبـێ بـەوەوە و تێکـستە باشەکانمان یەک لە دوای یەک بۆ ڕاڤە بکات، بەڵکو ڕەخنـەش وەک وەرگێـڕان دەبینـێ و سـەیر دەکات. هەندێ جار دەقێک وەردەگێڕێ، هەندێ جار لـەسـەر تێکستێک دەنووسێ و تاقەتیشی بوو باسی گەندەڵی دەکـات، لـە شـوێنێکیش زۆر نامرۆڤانـە کچێـک دەکوژرێت، بـۆ ئـەوەی بـە بێهـەڵوێست لـە قـەڵـەم نەدرێ شیعرێکی بۆ دەڵێ! وەک دەبینی شـتەکـان وا تێکەڵاوبوون نایەڵن ڕەخنەگری ئێمە لەدایکبێ.

بـۆ چـارەسـەری ئـەوەش دەبـێ ئێمـە خۆمـان لـەو پاشخانەیە پاکبکەینەوە، ئـەوەش بـە خوێندنـەوەیـەکی چڕ و هەمەلایەنی نەبێ نایـەتـە دی، دەبـێ تێکست بـە قووڵی ببینین و بە قووڵی بخوێنینیـەوە، نـەک نووسـەر ببینـین و بـە وردی سـەیری بکـەیـن، دەبـێ گـوێ لـە تێکستەکە بگرین بزانین چیمان پێ دەڵێ، نەک گوێ لە خـەڵـک بگـرین بـزانین ئـەوان چ پێناسـەیـەکیـان بـۆ نووسەرەکە هەیە.

دەبێ بە لایەنی کەمەوە گۆڤارێکی مانگانەمان تەنها بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و ڕاڤەکردن هەبێت، وا نەبێـت ئـەو تێکستە جوانانە نابینرێن و گەنجەکان دەرناکەون. ئێمە کـەسـانێکمان هـەن کـە بـە جـوانی و بـە قـووڵی ئـەو قوتابخانە ڕەخنەییانە دەناسن، دەبێ ئـەو ئازیزانـە ئـەو لایەنە دەوڵـەمـەنـدەی خۆیـان فـەرامۆش نـەکـەن دەنـا بارەکە خراپتردەبێ.

## *غەفور ساڵح عەبدوڵڵا:

***ئەوانــەی بابــەتی ڕەخنــە دەنووســن لــە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هـەموو لاون و تەمـەنی ناسراوی ئەدەبییان سـێ و چـوار سـاڵێکە، ئـەم دیاردەیـە لـە هـیچ ئـەدەبێکی دنیـادا بەرچـاو ناکەوێت، تەنها لەلای ئێمە نەبێت!..**



ڕاستە کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبیی نوێ بڵاودەبنەوە لـە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، شتی جوانیان تیایە. خـۆم زۆریـان دەخوێنمـەوە، هەنـدێ ڕەخنەشـیان لەسـەر دەنووسـرێن لاوازن. ئەمــە دەگەڕێتــەوە بــۆ نــەبوونی ڕەخنــەگر بــە چەمکی ڕەخنەگر وەکو پیشە، بێگومـان نـاتوانین بڵـێین ڕەخنەسازی پیشەیە، چونکی ئەدەب خۆی پیشە نییـە، بگرە ئیـشی ڕەخنـە پـسپۆڕێتییە لـە بوارەکـەدا، هـەموو نووسەرێکیش ناتوانێ ببێت بـە ڕەخنـەگر، لەبـەر ئـەوەی ڕەخنەگر کۆمەڵێ ئۆرگانی خۆی هەیە کە زەحمەتە لەلای هەموو نووسەرێك هەبێت، مەرج نییە شاعێرێکی زۆر باش بتوانێ ببێت بە ڕەخنەگرێکی سەرکەوتووی شـیعر، بـەڵام شاعیرێکی فاشیل لەوانەیە ببێتە ڕەخنەگرێکی شیعر، بـۆ مەسـەلەی چـیرۆك و ڕۆمـانیش هەروایـە، نموونـەی

(ئەدۆنیس) زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێت، کە ئەو خۆی شاعیرێکی داهێنەرە، کەچی رەخنەگرێکی یەکەمیشە لەبواری رەخنەی شیعردا، نمونەیەکی دیکە دکتۆر (کەمال ئەبو دیب)ە، شاعیرێکی باش نییە، بەلاّم رەخنەگرێکی بونیادگەریی چاکە. خوێندنەوەی بۆ قەسیدەی (قمر شیراز)ی عەبدولوەهاب بەیاتی خۆی لە خۆیدا دەقێکی داهێنەری جیاوازە، بە رای من دەبێ رەخنەگر ئاوها بێت. لەلای خۆمان پەتای شیعرنووسین زۆر تەشەنەی کردووە، چونکی ئەمرۆ لەلای لاوەکان شیعر بۆتە بوارێکی حازربەدەست، پێویستی بە زۆر رۆشنبیری نییە، چونکی لێشاوێکی رۆژنامەو گۆڤارمانیش هەیە پێویستیان بە پڕکردنەوەو دەرچوونە، ئیدی هەر جۆرە بابەتێکیان بۆ بێت بەبێ لێپێچینەوە بلاّویدەکەنەوە، شیعر بێ، چیرۆك بێ بلاّویدەکەنەوە، بۆیە کۆمەڵێ نووسەر پەیابوون لە هەموو ئاشێکی دەکەن، ئەگەر بنواڕن لە ئەدەبی هەموو دنیا، نزیکتریان بۆ ئێمە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکییە، دەبینین رەخنەگرەکان کێن، بێگومان خەڵکانی بە ئەزموون و خاوەن رۆشنبیرییەکی مەوسوعین و لاویش نین، بگرە قاڵبووی تاقیکردنەوەکانی ژیانن لە هەموو بوارەکاندا. کەچی لەلای خۆمان بەپێچەوانەوەیە ئەوەی کتێبێکی لەسەر رەخنە خوێندەوە، ئیدی لێمان دەبێ بە رەخنەگر و شەنوکەوی هەموو بوارەکان دەکات. لە ئەدەبی عێراقدا کۆمەڵێك رەخنەگری ناسراو هەبوو و هەیە وەکو عەلی جواد تاهیر، فازڵ سامر، یاسین نەسیر، حاتم سگەر، مالك موتەڵبی، تەڕاد کوبەیسی، خەزعەل ماجدی، کە ئەمانە هیچیان لە سەردەمی لاوییەوە دەستیان بە رەخنەنووسین نەکردووە، بگرە لە سەردەمی کامڵبووندا، چونکی رەخنە بەهرە نییە وەکو شیعر و چیرۆك، بەڵکو لە شارەزایی و فرە خوێندنەوە دێت، بەلاّم رەخنەگرەکانی ئێستای لای خۆمان یان ئەوانەی بابەتی رەخنە دەنووسن لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەموو لاون و تەمەنی ناسراوی ئەدەبییان سێ و چوار ساڵێکە، ئەم دیاردەیە لە هیچ ئەدەبێکی دنیادا بەرچاو ناکەوێت، تەنها لەلای ئێمە نەبێت!.

بەراستی چارەسەری نەبوونی رەخنە زەحمەتە لەم هەلومەرجەدا، وەکو چۆن چارەسەری کێشەی ئێستای سیاسیمان زەحمەتە، دەبێ سەرەتا بڵێین رۆژنامە و گۆڤارەکان لەم پاشاگەردانییە بەرپرسیارن، چونکی کەسانی شارەزا دانانێن، یان تەنها بۆ بازار گەرمکردن شتی تێکەڵە لە باش و کرچ و کاڵ بلاّودەکەنەوە.

جا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە هەندێ رێوشوێن هەن دەبێ بگیرێنەبەر، وەکو ئەوەی رۆژنامە و گۆڤارەکان خۆیان سانسۆر دابنێن و لاپەڕە ئەدەبییەکان نەدەنە دەستی کەسی میزاجی و نەشارەزا، بابەتەکان لێژنەیەك بیانخوێنێتەوە نەك کەسی میزاجی و نەشارەزا، ئێمە بۆ ئەم مەسەلەیە دەبێ سوود لە ساڵانی حەفتاکان وەربگرین، کە چی رێوشوێنێك گیرابووە بەر بۆ مەسەلەی رەخنە. جارێ نابێ هەندێ شتی دەخیل هەیە وەربگیرێن، کە کەسانێك بەبێ هەستکردن بە مەسئولیەت دەیهێننە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەتایبەتی لە رەخنەدا، بۆ نموونە، بونیادگەری کە خۆی لە خۆیدا لە فەرەنسا لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو کۆتایی هاتبوو، کەچی تازە بەتازە هەندێ لە رەخنەی کوردی بە سەقەتی بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئیدی بوو بە چاولێکەری، بەلاّم ئەمەیش شکستی هێنا. من زۆر بێهیوام لەم ئەدەبەی کە هەندێك دەینووسن، چونکی هەموویان خۆیان بە مامۆستای رەقەم یەك دادەنێن و رەخنەشیان پێ قبووڵ نییە، ئەگەریش رەخنەکە بنیاتنەر بێت نەك رووخێنەر، نەوەیەك هاتووەتە پێشەوە، رەخنەی ئاسایی لێ بگری، یان جنێوت پێ دەدا، یان بووختانی سیاسیت بۆ دەکات! بۆیە نەوەی پێش ئەم نەوەیە ئامادە نییە بیخوێنێتەوە، ئەگەر خوێندیەوە و رەخنەی ماقوڵیشی لێگرت پێی قبووڵ نییە و خراپ بەرەنگاری دەبێتەوە. بۆیە ئەم نەوەیە بەبێ نەوەکانی پێش خۆی هیچ بەجێناهێڵێ، بۆ نموونە، نەوەی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و برایم ئەحمەد و کامەران موکری هاندەر و زەمینەخۆشکەر بوو، بۆ نەوەی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر قادر جاف و

رەفیق سابیر و سەلاح شوان و سـەلام محەمـەد و حسێن عــارف و محەمــەد مــوکری و عەبـدوڵا ســەراج، داوای لێبــووردن دەکــەم کــە لیــستی نــاوی ئــەم نەوەیــە دووروودرێژە، هەووەها ئەم نەوەیە هانـدەری نەوەیـەکیش بـوو دوای ئـەم نەوەیـە، کـە خولقـاوی سـەردەمی پـێش راپەرینەو ئیشی جوان و لەبەر چاوی ئەنجام داوە، ئینجا دێتە سەر نەوەی دوای راپەڕین، کە بەراستی جێـی داخـە دابڕانێکـی زۆری کـردووە، نـاڵێین یـەکجارەکی، لەگـەڵ نـەوەکانی پـێش خـۆی بـەبێ هـیچ نەخشەو پرۆژەیـەك، گەرچی هەندێ لاف ئەوە لێدەدەن پرۆژەیان پێیـە، بـەڵام هیچ رووکـەش و پانتاییـەکی دیـار نییـە، بۆیـە نووسـەرە خاوەن ئەزموونەکان بـە حـەزەرەوە تـوخنی ئیـشی ئـەم نەوەیە دەکەون. من خۆم تەجرەبەیەکی تاڵم لەگەڵ ئـەم نەوەیەدا هەیە. بۆیە دەڵێم ئەوەی وەکو رەخنـەگر شـتی پێیە، بەتایبەت خاوەن ئەزموونەکان بەشداری ناکـەن لـە دەستنیـشانکردنی دەقـی جـدی و ناجـدیی ئـەم نەوەیـە، بۆیـە مـن دەڵـێم ئـەو دەقانـەی ئێـستا ئێـوە مەبەسـتانە دەقێکــی بــێ رەخنــە دەمێنێتــەوە، ئیــدی خــۆی دەخواتەوەو ئەنجامیش هیچ بـەجێ نـاهێڵێ، ئێستا ئـەم قسانەی من کە هەقن زۆریان پێیان قبووڵ نییە، لەوانەیـە جنێوم پێ بدەن.

وەکـو باسـم کـرد رەخنـەگر کامەیـە، بێگومـان مـن گومانم هەیـە ئەوانـەی لێـرەو لـەوێ رەخنۆکـە دەنووسـن بزانن چەند جۆرە رەخنەو چەند قوتابخانەی هەیـە، بۆیـە ئەوانەی دەنووسرێن مەدح و ستایشی بـێ بنـەمان و هـیچ پەیوەندییەکیان نییە بـە تیورەکـانی رەخنـەوە. مـن زۆر لــەو رەخنانــە دەخوێنمــەوە، کــەم دەبیــنم خــاوەن تەجرەبـەکان بینووسـن، بـۆ نموونـە، کـەمال غـەمبار، حەمەکەریم عارف، هەشمانە رەخنەگری چاکە لەبەر ئـەو هۆیــە خــۆی زۆر نــادات لــەم ئەدەبــە بگــرە ناچــارە خوێندنـەوە بـۆ دەقـی چـاکی عـەرەبی دەکـات، وەکـو عەبـدوڵڵا تـاهیر بـەرزنجی.. مـن خـۆم خوێندنـەوەم بـۆ هەندێ بەرهەمی گەنج کـردووە و پێویـست ناکـات لێـرەدا ناویان بێنم چونکی خۆیان دەزانن..

## *محەمەد کوردۆ:

***لـە وڵاتێکـدا کوشـتنی مرۆڤـەکان ئاسـایی بێت، چۆن کوشتنی وشەکان ئاسایی نابێت؟!..**



بەبڕوای من بۆ تێگەیشتن لە هـەر شـتێك پێویـستمان بە تێگەیشتن لە باکگراونـدو فاکتـەرە کاریگـەرەکانی نـاو ئەو شتەو چواردەوری ئەو شتە دەبێت. پێویستە بپرسین ئـاخۆ ئێمـە خـەڵکانێکی ئاسـایین؟ سیـستمێکمان هەیـە ژیانمان رێکبخـات؟ مێژوویـەکمان هەیـە خۆمـان پاڵـەوانی خاوەن ئیرادەی بین؟ ئیرادەیەکمان هەیە ئینتیمامـان بـۆ نیشتمانو بۆ خۆمان بەهێز بکات؟.... ئێمە تـا ئێـستاش دەوڵەتێکمان نییە لە ئامێزی خۆیـدا گـەرممان بکاتـەوە! ئاینێکمـان نییـە لـەدەوری خـۆی کۆمانبکاتـەوە! بیرمـە سـاڵی 1993 لـە شـاری تـەبریز، لـە ئێـران، بـرادەرێکم ناسیو پێنج شەش رۆژێك بەیەکەوە بووین، ئـەو بـرادەرە لـە مـاوەی ئـەو پێـنج شـەش رۆژەدا چـەند جارێـك بـە حەسرەتەوە دەیوت: (کورد بەدبەختە، بزانـە لـەم شـارە گەورەیـەدا کوردێـك دەبینـی بـۆ دوو شـت نـەهاتبێت: کارگەری یان نەخۆشی؟). مـن دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم کـە

بەڵێ کورد بەدبەختەو نەك هەر بە تەنها رەخنە، بە دەگمەن شتێکی هەیە لە شتی خەڵك بچێت. ئێمە هەموو شتێکمان شێواوە، کە من پێموایە ئەمەش پەیوەندیی قووڵی بە مێژووی ئێمەوە هەیە کە مێژوویەکی شێواوە. ئێمە کەوتووینەتە نێوان کۆمەڵێك دەوڵەتی دژ بە یەكو دژ بە ئێمە، کە جگە لەوەی هەر جارەو بە بیانوویەکەوە خاكو ئاویان داگیرکردووین، شەڕو ئاشتیشیان لەنێوانی خۆیاندا لەسەر حسابی ئێمە بووە. کە شەڕیانکردووە تۆپەکانیان کەوتوونەتە نێو ماڵی ئێمەوەو کە ئاشتیشیانکردووە لەسەر تەرمی ئێمە کردوویانە، وەزعی ناوخۆشمان لە وەزعمان لەگەڵ دوژمنەکانمان باشتر نەبووە.

ئێمە خەڵك کەناڵی ئاسمانیمان بۆ دادەمەزرێنێتو خۆمان تالآنی دەکەین!. من بە تەحەداوە دەڵێم رۆژ نییە لەم وڵاتەی ئێمەدا مرۆڤێك یان زیاتر نەکوژرێتو کەسیش نییە بە جیدی بە شوێنی ئەو هەموو خوێنە بەناحەق رژاوانەدا بڕوات و کار بۆ راگرتنیان بکات. لە وڵاتێکدا کوشتنی مرۆڤەکان ئاسایی بێت، چۆن کوشتنی وشەکان ئاسایی نابێت؟ لە کۆمەڵگەیەکدا بێدەنگیکردن لە سەربڕینی دایكو خوشکەکانو ئەتککردنی ژنەکانو لەچاڵخستنی براکان (یوسفەکان) دڵێك دانەخورپێنێت، چۆن چۆنی بێدەنگیکردن لە شیعرێکی شیرین، یان چیرۆکێکی نازەنین، یاخود رۆمانێکی دڵنشین، دڵەکان دادەخورپێنێت؟ بە راستی ئێمە لەناو سەرگەردانییەکی گەورەدا دەژین، کە رەخنەی ئەدەبیشمان لەو سەرگەردانییە بەدەر نییە، رەخنەکانیشمان لە شەقامو جادەکانمان دەچن. جگە لە هەموو ئەو شتانە، هۆیەکی دی کە رەخنەی ئێمە رەخنەیەکی لاوازە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مێژووی رەخنە لای ئێمە سەرباری ئەوەی مێژوویەکی کەمو کورتە، مێژوویەکی دەستبەتاڵیشە. زۆرێك لەو کارانەی بە ناوی رەخنەوە بە ئێمە فرۆشراون، جگە لە باسکردنی ژیانی خاوەن دەقو دروستکردنی ئەفسانەو بەسەرهات بۆ خاوەن دەقو جگە لە لێکدانەوەی کۆمەڵێك وشەو گێڕانەوەیەکی دیکەی دەق بە زمانێکی دی کە بەدەگمەن نەبێت نەگەیشتۆتە ئاستی زمانی دەقەکە، شتێکی دیکە نەبووە، مێژووی پچڕپچڕی رۆژنامەگەرییشمان هۆکارێکی دیکەی لاوازیی رەخنەکانمانە، چونکە رۆژنامەو گۆڤارەکان، بە باشو بە خراپ، کاریگەری بەسەر رەخنەوە جێدەهێڵن، نەبوونی چاپخانەو بازاڕێکی گەرمی کتێبیش، دوو هۆکاری دیکەن. ئێمە تا ئێستاش چوار چاپخانەی زۆر باشو پێشکەوتوومان نییە. تا ئێستاش کتێبێك 500 نوسخەی لێ چاپدەکرێتو دەشمێنێتەوە، سەرباری هەموو ئەم نەهامەتییانەش نووسەری ئێمە، مەگەر بەدەگمەن، خۆی بۆ کارەکەی تەرخان ناکاتو دڵداری لەگەڵ کارەکەیدا ناکات. کوا ئێمە چەند کەسمان هەیە کاری یەکەمو سەرەکیی رەخنە بێتو نازناوی رەخنەگریی بە هیچ نازناوێکی دی نەگۆڕێتەوە؟ ئیدی لە دۆخێکی وادا رەخنەش وەزعی لەوە باشتر نابێت کە هەیە.

***

لە راستیدا، من بڕوام بە هیچ چارەسەرێکی ئامادەکراو بۆ هیچ کێشەو قەیرانێك نییە. هەر کێشە یان قەیرانێك کە دروستدەبێت، چەندین هۆکارو هێزو فاکتەری جیاجیا کاری تێدەکەنو وەختێکیشیان دەوێت تا ئەو کێشە یان قەیرانە دەخەملێنن. کارابوونی رەخنە شتێك نییە بە بڕیار یان بە پێشنیاز دەستەبەر بکرێت، بەڵکو وەکو چۆن درووستبوونی قەیرانی رەخنە پەیوەستە بە چەندین هۆکارو فاکتەری دیکەوە، چارەسەریشی بەهەمان شێوە پەیوەستە بە چەندین هۆکارو فاکتەری دیکەوە. یەکێك لەو شتانەی کە رەنگە هەنگاوێکی باش لە چارەسەری ئەم قەیرانە نزیکمان بکاتەوە، گێڕانەوەی حورمەتە بۆ خودی مرۆڤەکانو پاشان بۆ بەرهەمەکانیان، کە هەم دەقو هەم رەخنەش لەو بەرهەمانەی مرۆڤن. ئێستا ئێمە لەناو پاشاگەردانییەکی گەورەدا دەژینو بەداخەوە لە بری ئەو سککەی شەمەندەفەرەی لەناو خەونەکانی ئەحمەد موختار بەگی جافدا دەچووە شاخی هەورامانەوە، نەمانتوانیووە رێگاوبانە سەرەکییەکانی ناو شارەکانمان

چاکبکەین، نەمانتوانیووە کۆڵانی گەڕەکەکانی ناو شار قیرتاو بکەین. ئاخر شاخی هەورامان لە کوێو کۆڵانێکی سەرکارێز، یان سەرشەقام، یان بەکرەجۆ لە کوێ؟ سککەی شەمەندەفەر لە کوێو قیرتاوکردنی کۆڵانێك لە کوێ؟ بەبڕوای من تا خۆمان لەناو ئەم دۆخە ترسناکەدا بین حاڵی رەخنەو حاڵی هیچ بوارو کایەو چالاکییەکمان لە ئاستی پێویستدا نابێت. جگە لەم دۆخە گشتییە، وەکو تاکیش ئەو دڵسۆزیو پەرۆشیو عەشقەی بۆ هەر کارێکی جیدی پێویستە، لای ئێمە یان هەر نییە، یان لاوازە. ئێمە خەڵکمان هەیە دە دیوانی بە وردی نەخوێندۆتەوە، کەچی قسە لەسەر تێکڕای شیعری کوردی دەکات. خەڵکمان هەیە جگە لە زمانی کوردی یەك زمانی دی نازانێت، کەچی هەوڵدەدات ئاستی شیعری کوردی لەناو شیعری جیهاندا دەستنیشانبکات. رەخنەگریشمان هەیە هەوڵی باشدەدات، کەچی لەناو هەوڵە باشەکەیدا لەپڕ بۆچوونێکی سەیر دەردەبڕێت، کە مرۆڤ دووچاری حەپەساندەکات. بۆ نموونە: لەو ماوانەی پێشوودا وتاری یەکێك لە رەخنەگرەکانی خۆمانم لەسەر نالی خوێندەوە، کە رەخنەگرێکی باشیشە، کەچی لە شوێنیکدا نووسیبووی: ( لە رێگەی کێشی عەرووزەوە کە تا ئەو ساتە بۆ زمانی کوردی تاقی نەبووەوە دژی کێشی بڕگەیی کە تا ئەو کاتە ببووە بنێشتە خۆشە، هەڵساو –مەبەستی نالییە– پێشانیدا زمانی کوردی نەك تەنیا ئەو توانایەی هەیە، بەڵکو خۆی گوتەنی ئەتوانێ مولکی ئەوانیش داگیربکا..)، ئەمەش بە راستی سەیرە رەخنەگرێك لە بارەی شیعری کوردییەوە بنووسێتو نەزانێت کە یەکەمین شیعری ئێمە –ئەوەی مابێتەوەو نەفەوتابێتو بە دەستی ئێمە گەیشتبێت– کە چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانییە، بە کێشی عەرووز نووسراوە. جگە لەویش شیعرەکانی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی، بە داستانی مەمو زینیشەوە، بە کێشی عەرووز نووسراون. من نازانم کوان ئەو شیعرە کوردییانەی بەر لە نالی بە کێشی بڕگە نووسراون؟ کەیو لە کوێو لای کام شاعیرانەی کورد کێشی بڕگە بووە بە بنێشتە خۆشە؟ ئەوەی هەیەو نییە ئەو شیعرانەن کە بە شێوەزاری هەورامی نووسراونو ئەوانیش زۆربەی هەرە زۆریان دوای نالی نووسراون. شانازیی گەورەی نالی لەوەدا نییە کە بە کێشی عەرووز شیعری نووسیووە، چونکە ئەوە شتێکی باو بووەو بە کاریگەریی ئیسلامو شیعری عەرەبیو فارسیو تورکی، کە نالی خەونی بەوەوە بینیووە بە دیوان هەرسێکیان بگرێت، ئەو کێشە بۆ لای شاعیرانی وەکو بابا تاهیرو مەلای جزیریو خانیو پاشان بۆ لای نالیش پەڕیووەتەوە. هەمووومان دەزانین کێشی عەرووز کێشێکی عەرەبییەو بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلامەوە چۆتە ناو شیعری فارسیو تورکیو کوردیشەوە، سەرچاوەی خوێندنو رۆشنبیریی نالیش، هەم وەك مەلایەكو هەم وەك شاعیرێك، بە پلەی یەك زمانی عەرەبیو فارسیو تارادەیەکیش تورکی بووە، ئەمەش وا دەکات پەنابردنی نالی بۆ کێشی عەرووز کارێکی زۆر لە ئاسایی ئاساییتر بێت. شانازیی گەورەی نالی، جگە لەوەی وەکو شاعیر یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی ئێمە، بۆ ئەو زمانە یەکگرتووە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ سالمو کوردیدا، پێکەوە دروستیانکردو شاعیرانی دواتریش پەرەیان پێداو دەوڵەمەندیان کردو ئەوەتا ئێستا منو تۆش پێیدەنووسین.

من لێرەوە دەمەوێت بڵێم: ئەم بێدەربەستییە لە دەربڕینی هەندێ بۆچووندا، کە وردبوونەوەیان تێدا نییە، هۆکارێکی دیکەی ئەو دۆخە خراپەی رەخنەیەو بۆ رزگاربوون لەو دۆخە پێویستمان بە دوورکەوتنە لەمجۆرە بیروڕاو بۆچوونانە هەیە، رەنگە بایەخدانی زیاتری رۆژنامەو گۆڤارو ئەو دەزگایانەش کە کتێب چاپدەکەن، بە رەخنە، هۆکارێکی دیکەی باش بێت بۆ رزگاربوون لەو دۆخە قەیراناوییەی کە رەخنەی ئێمەی تیا دەژی. دەشێت سازدانی فیستیڤاڵی تایبەت بە رەخنەو تەرخانکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنیی تایبەت بە رەخنەو خەڵاتکردنی رەخنەگرە باشەکانو ئاوڕدانەوە لە کارە جیدییەکانیان، کە زۆر کەمیشنو ئەرکێکی زۆریشیان ناوێت، دیسان هۆکارگەلێکی دیکەی باشبنو یارمەتیی دەربازبوونی رەخنە لەو دۆخە بدەن.

***

ئەوە راستەو دیسان هەر پەیوەندیی بەو شتانەوە هەیە کە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا روونمانکردنەوە. وەلێ حەز دەکەم بزانیت ئەوە هەر

دەقی جوانو ناشیرین نییە کە تێکەڵاوی یەکتر بوونو کەس نییە لە یەکیان جیابکاتەوە. رەخنە خۆشی بە هەمان دەرد دەچێتو کەس نییە یان راستتر زۆر کەمن ئەوانەی کە رەخنەی باشو خراپ لە یەکدی جیادەکەنەوە. من پێشتریش پێموتی ئێمە هەموومان بە شاعیرو بە چیرۆکنووسو بە رۆماننووسو بە شانۆنامەنووسو بە رەخنەگرو بە هەموومانەوە لەناو سەرگەردانییەکی گەورەدا دەژین. رۆژگارو سالگارو هەوڵو ماندووبوونو دڵسۆزیو راستگۆییو ئازایەتییەکی زۆرمان دەوێت تاکو لەم سەرگەردانییە دەرباز دەبین.

***

خۆی لە راستیدا گەنج، یان ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای ئەزموونی شیعرنووسیندان، درەنگتر رووناکیییان دەخرێتەسەرو دنیاکەیان ئاشکرادەکرێت. لێرەدا مەبەستم ئەو شاعیرانەیە کە بە راستی خاوەنی دنیای خۆیانو دوای ئاپۆرەو دەهۆڵو زورنای خەڵك نەکەوتوون. ئیدی ئەو دنیایە تا چەند گەورەیە، یان بچوکە، تا چەند لەگەڵ ئێمەدا یەکدەگرێتەوە، یان تا چەند لەگەڵماندا پێچەوانە دێتەوە، کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە دنیای تایبەتی ئەو شاعیرە خۆی بێتو بە راستی خۆشی بوێتو ئینتیمایەکی راستەقینەی بۆی هەبێت.

من لە بۆنەیەکی دیکەشدا وتوومە: کوخێك کە بەڕاستی هی شاعیرێك خۆی بێتو بە ناوی ئەوەوە بناسرێتەوە، لە گەورەترینو کۆشکێك باشترە کە هی ئەو نەبێتو بە ناوی خەڵکی دیکەوە بناسرێتەوە. خۆڵی خۆی لە زەعفەرانی خەڵك، بۆ ئەو گرنگترە. ئێمە بە راستی لەنێو گەنجەکاندا شاعیری لەو جۆرەمان کەمە، قەدەری ئەو کەمەش هەمیشە وابووە، کە پاش ساڵانێکی زۆر لە نووسین، ئینجا خوێندراونەتەوەو قسەیان لەسەرکراوەو هەوڵی ئاشکراکردنی دنیاکانیان دراوە. هەندێجار ئەسڵەن هەر نەخوێندراونەتەوەو رەخنە توخنیان نەکەوتووە. من دەتوانم لێرەدا یەك نمونەت بدەمێ: لە ساڵی 1973دا گۆڤاری بەیان ژمارەیەکی خۆی بۆ شیعری گەنجەکانی ئەو کاتە تەرخانکردووە. یەکێك لەو شیعرانەی لەو ژمارەیەدا بڵاوبۆتەوە شیعرێکی سەلام محەمەدە، کە ئەو کاتە تەمەنی 21 ساڵ بووە. ئەو شیعرە تا ئێستاش یەکێك لە جوانترین قەسیدەکانی ئێمەیە، کەچی 34 ساڵی بەسەردا تێپەڕیووەو جگە لەوەی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، هەر لەناو ئەو ژمارەیەدا شتێکی لەسەر هەموو شیعرەکان نوسیووەو چەند قسەیەکی لەسەر ئەو شیعرەش کردووە، تا ئێستا، ئەوەندەی من ئاگام لێبێت، کە زۆریشم مەبەست بووە ئاگام لێبێت، بە یەك تاقەدێڕیش باسی ئەو شیعرە نەکراوە. ئاوڕنەدانەوە لە شاعیری گەنج جگە لەوەی پەیوەندیی بە نەبوونی روحی هاندانەوە هەیە، پەیوەندیشی بە لوتبەرزیی هەندێك لە رەخنەگرەکانەوە هەیە، هەروەها تەمبەڵیی رەخنەگریش هۆکارێکی دیکەی ئەو دیاردەیەیە، لەبری ئەوەی خۆی ماندووبکاتو هەوڵێکی زۆر بدات تاکو دنیای شاعیرێکی تازە ئاشکرا دەکات، دەست بۆ شاعیرێك دەبات کە خۆماندووکردنی ناوێت، پەیوەندیی بە جورئەتیشەوە هەیە، چونکە بەڕاستی نووسین لەسەر شاعیرێك کە هێشتا نازانرێت رادەی پێشوازیی خوێنەر لە شیعری ئەو تا چەندە، گرانترو سەختترە وەك لە نووسین لەسەر شاعیرێك کە رادەی پێشوازیی خوێنەر لە شیعری ئەو ئاشکراو لەبەرچاوە.

***

رەنگە زۆر زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم هەموو جۆرە رەخنەیەك هەبووە، وەڵێ بە دڵنیاییەوە کەمترینودەگمەنترین جۆری رەخنە لە مێژووی رەخنەی ئێمەدا، ئەو جۆرەیان بووە کە پشتی بە تیۆرەکانی رەخنە بەستووەو مەنهەجیەتی کاری رەخنەی لەبەرچاوگرتووە. زۆرترینی ئەو نووسینانەی دی کە بەناوی رەخنەوە بڵاوکراونەتەوە، پەیوەندییان بە جۆرەها ئیعتیباراتی وەکو برادەرێتیو دەستەگەرییو ناوچەگەریو ئایدیۆلۆژیای هاوبەشو زۆر شتی دیکەوە هەبووە. کاتی خۆی شێرکۆ بێکەس وتبووی: تۆ پێم بڵێ کێ لەسەر کێی نووسیووە، من پێتدەڵێم چۆنی نووسیووە.

بە داخەوە، ئەم قسەیە بۆ ئێستاش هەر راستە.